# رۆڵی نەوت لە داهات و خەرجییەکانی ئەمساڵی عێراق

23-08-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** چاوەڕواندەکرێت ئەمساڵ عێراق داهاتی لە خەرجییەکانی زیاتر بێت! ئەویش بەهۆی زیادبوونی داهاتی نەوت و رۆڵی نەوت لە دارایی وڵاتدا. سەرەڕای کۆکردنەوەی نزیکەی یەک لەسەر سێی داهاتی نانەوتی، وەک لە بودجەی ئەمساڵی عێراقدا هاتووە، پرسیار ئەوەیە داهاتی عێراق چەند لە خەرجییەکانی زیاتر دەبێت و بۆچی؟

مەحموود بابان-ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو|

چاوەڕواندەکرێت ئەمساڵ عێراق داهاتی لە خەرجییەکانی زیاتر بێت! ئەویش بەهۆی زیادبوونی داهاتی نەوت و ڕۆڵی نەوت لە دارایی وڵاتدا. سەرەڕای کۆکردنەوەی نزیکەی یەک لەسەر سێی داهاتی نانەوتی، وەک لە بودجەی ئەمساڵی عێراقدا هاتووە، پرسیار ئەوەیە داهاتی عێراق چەند لە خەرجییەکانی زیاتر دەبێت و بۆچی؟

عێراق بە پلەی یەکەم پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت کە 96%ی کۆی بەهای راستەقینەی بودجەی ساڵانەی فیدراڵی پێکدەهێنێت. لەبەرئەوەی نرخی نەوت، گرێدراوی بازاڕە جیهانییەکان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی رابردوو داهاتی نەوتی عێراق بەرێژەی 69.62% زیادیکردووە، لەکاتێکدا لە شەش مانگی 2020دا، 19.55 ملیار دۆلار داهاتی نەوت بووە، بەڵام لە شەش مانگی ئەمساڵدا بۆ 33.166 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە.

لە راستیدا داهاتی نەوتی ئەمساڵ بۆ عێراق بە بەراورد بە ساڵی پێش بڵاوبوونەوەی کۆرۆناش زۆر بووە. ئەگەر شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ بە شەش مانگی سەرەتای 2019 بەراورد بکەین، ئەوا داهاتی نەوتی عێراق بەرێژەی 56.4% زیادیکردووە.


زیادبوونی داهاتی نەوت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ و زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانە لە لایەن وڵاتانی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی لە ئەمساڵدا، کە عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نیو وڵاتانی ئۆپێک لە دوای سعودیەوە.

بەپێوەرێکی کورتخایەن مانگی تەمموزی ئەمساڵ مانگێکی زۆر ئەرێنی بوو بۆ کەرتی نەوتی حکومەتی فیدراڵی، چونکە هاوتەریب لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخدا، هەناردەکردنی نەوتیش زیادیکرد و ئەوەش وایکرد، داهاتی نەوتی عێراق لە 19 مانگی رابردوودا بەرزترین ئاست تۆماربکات. لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی ئۆپیک و ئۆپێک پڵەس ڕێککەوتن بەرهەمهێنانی نەوت و خستنەڕووی نەوت زیاد بکەن و، لەسەرەتای ئەم مانگەشەوە تاوەکو ئایاری 2022 مانگانە 400 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد دەکەن.

بەپێی بودجەی 2021ی عێراق، نرخی یەک بەرمیل نەوت بە 45 دۆلار دانراوە، لەکاتێکدا لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا عێراق بە 64.06 دۆلار نەوتی فرۆشتووە، واتە بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی هەناردەکراو، لە حەوت مانگی رابردوودا 19.06 دۆلار زیاتر لەو بڕەی لە بودجەدا دانراوە داهاتی هەبووە.

بەپێی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق[1]، لە 7 مانگی رابردوودا داهاتی نەوتی 39 ملیار و 679 ملیۆن دۆلار بووە. بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارەیەی لە بودجەی 2021دا بۆ داهاتی نەوت دانراوە، کە 30.7 ملیار دۆلارە، 8.97 ملیار دۆلار زیادەی هەبووە. چاوەڕواندەکرێت ئەگەر نرخی نەوت بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوامبێت ئەوا ئەمساڵ نزیکەی 20 ملیار دۆلار زیادەی داهاتی نەوت بێت. وەکو لە گرافیکی ژمارە 1دا هاتووە:

*گرافیک ژمارە:1  داهاتی نەوتی عێراق بەپێی بازاڕ و بودجەی عێراق و زیادەی داهات*




سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق

**تێبینی**، لە مانگی 8 نرخی نەوت بە 70 دۆلار و هەناردەی نەوتی عێراق بە 90 ملیۆن بەرمیل لەمانگێکدا دانراوە.

**بودجەی 2021 و داهاتی نانەوتی و نەوتی لە عێراق**

بەپێی بودجەی ساڵی 2021، پلاندارێژراوە تا داهاتی  نانەوتی عێراق لە ئەمساڵدا بگاتە 20 تریلیۆن دینار، بەڵام بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی لە چەند مانگی رابردوودا، قورسە بگاتە ئەو ژمارەیە و چاوەڕواندەکرێت داهاتی نانەوتیی عێراق لە نێوان 6-7 تریلۆن دینار بێت، واتە 13-14 تریلۆن دینار کەمتر لەوەی لە بودجەدا دانراوە.

بەپێی داهاتی نەوت کە پێشبینیدەکرێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگاتە 71.15 ملیار یاخود 103.16 تریلیۆن دیناری عێراقی، لەگەڵ داهاتی نانەوتی کە بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی نەوتییەوە چاوەڕوان ناکرێت بگاتە ئەو ئاستە دیارکراوەی لە بودجەدا هاتووە و هەر لە نێوان 6-7 تریلۆن بمێنێتەوە، ئەوا پێشبینیدەکرێت کۆی گشتی داهاتی عێراق لە ساڵی 2021دا بەنزیکەی بگاتە  110تریلۆن دینار.

بەپێی بودجەی 2021ی عێراق[2] کۆی خەرجییەکان 89.65 ملیار دۆلار، واتە 130 تریلۆن دیناری عێراقییە، ئەگەر کۆی بودجەی پلان بۆ داڕێژراو خەرجبکرێت، ئەوا کورتهێنان نزیکەی 20 تریلیۆن دینار دەبێت، بەڵام  کارەکانی بودجە دواکەوت و، خەرجییەکانیش لەسەر بنەمای داهاتی نەوتە بۆیە ناتوانرێت کۆی خەرجییەکان جێبەجێبکرێت وەکو ئەوەی لە بودجەدا پلانی بۆ داڕێژراوە. هەروەها دواکەوتن و نەدانی ئەو بڕە پارەیەی بۆ خەرجییە کردارییەکان و خەرجییەکانی وەبەرهێنان لە ئەمساڵدا دانراوە، وادەکات عێراق لەساڵی 2021 زیادەی لە داهات بەرامبەر خەرجییەکان هەبێت، بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی داهاتی نەوت و ئەوەی لە بودجەدا دانراوە بڕوانە خشتەی ژمارە یەک.

*خشتەی ژمارە 1: داهاتی نەوتی عێراق لە ئەمساڵدا و جیاواز لەگەڵ ئەوەی لە بودجەدا پلانی بۆ داڕێژراوە*

**داهاتی نەوتی عێراق و پلانی داڕێژراوی بودجە بۆ نەوت و جیاوازی داهات**

| ساڵ | مانگ | نرخی یەک بەرمیل نەوت بەپێی بودجەی عێراق ($45) | داهاتی مانگانەی نەوت بەپێی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق | جیاوازی نێوان داهاتی نەوتی مانگانە |
|---|---|---|---|---|
| 2021 | کانوونی دووەم | $4,001,521,365 | 4,739,046,214 | **737,524,849** |
| | شوبات | 3,729,499,065 | 5,000,015,080 | **1,270,516,015** |
| | ئادار | 4,109,036,805 | 5,786,528,253 | **1,677,491,448** |
| | نیسان | 3,977,924,355 | 5,549,558,069 | **1,571,633,714** |
| | ئایار | 4,044,657,060 | 5,917,962,448 | **1,873,305,388** |
| | حوزەیران | 3,904,451,505 | 6,143,090,467 | **2,238,638,962** |
| | تەمموز | 4,071,050,730 | 6,513,771,636 | **2,442,720,906** |
| | ئاب | 4,050,000,000 | 5,850,000,000 | **1,800,000,000** |
| | ئەیلوول | 4,050,000,000 | 5,850,000,000 | **1,800,000,000** |
| | تشرینی یەکەم | 4,050,000,000 | 5,850,000,000 | **1,800,000,000** |
| | تشرینی دووەم | 4,050,000,000 | 5,850,000,000 | **1,800,000,000** |
| | کانوونی یەکەم | 4,050,000,000 | 5,850,000,000 | **1,800,000,000** |
| | کۆی گشتی | $48,088,140,885 | $68,899,972,165 | **$20,811,831,280** |

سەرچاوە: وەزارەتی نەوتی عێراق

**تێبینی**، لە مانگی 8 نرخی نەوت بە 70 دۆلار و هەناردەی نەوتی عێراق بە 90 ملیۆن بەرمیل لەمانگێکدا دانراوە.

پشتبەستنی عێراق بە نەوت وەک تاکە سەرچاوەی داهاتی نەتەوەیی کە نەوت دەردەکات و لەبازاڕەکاندا دەفرۆشێت و داهاتەکەی خەرجدەکات، ئەوا بۆ ساڵانی نزیکی داهاتوو و دوو دەیەی داهاتوو عێراق روو لە کارەسات دەکات، لەم روانگەیەشەوە بەپێی راپۆرتی ود ماکنزی[3] چاوەڕواندەکرێت تاوەکو ساڵی 2023 خواست بۆ نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێت و، نرخی نەوت لە سەروو 40 دۆلارەوە لە 2030وە مامەڵەی پێوەنەکرێت، تەنانەت ئەم پێشبینیانەش راست دەرنەچن وەکو ئەوەی شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەدڵنیاییەوە نرخی نەوت جێگیر نابێت و بەرز و نزمی جیاواز بەخۆوە دەبینێت.

لە کۆتاییدا هەرچەندە هەواڵەکان لەبارەی داهاتی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ ئەمساڵ دڵخۆشکەرن، بەڵام لەڕاستیدا نەوت

ئابووری عێراقی کردووەتە ئابوورییەکی کرێخۆر، هەر بۆیەش هەر گۆڕانکارییەک لە نرخی نەوتدا وڵات دەخاتە بەردەم مەترسییەکی گەورە وەکو ئەوەی لەساڵی 2020دا روویدا.

[1] https://www.iraq-businessnews.com/tag/oil-exports/

[2] https://www.reuters.com/article/iraq-budget-int-idUSKBN2BN3AI

[3] https://www.woodmac.com/press-releases/action-to-achieve-paris-climate-goals-will-upend-oil-and-gas-prices/#:~:text=Price%20fall&text=Consequently%2C%20oil%20prices%20begin%20to,demand%2C%20however%2C%20remains%20resilient.